ئافرەتێک لە هۆزی جوهەینەوە هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەکاتێکدا سکی پڕبوو بەهۆی زیناکردنەوە

لە عیمرانی کوڕی حوصەینەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: ئافرەتێک لە هۆزی جوهەینەوە هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەکاتێکدا سکی پڕبوو بەهۆی زیناکردنەوە، ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، (تاوانێکم) کردووە کە دەبێت سنوورم لەسەر جێبەجێ بکرێت بۆیە لەسەرمی جێبەجێ بکە، پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- بانگی وەلی ئەمرەکەی -سەرپەرشتیارەکەی- کرد وفەرمووی: «بەرامبەری چاکەکار بە، ئەگەر منداڵی بوو، پاشان بیهێنەرەوە»، ئەویش ئەمەی جێبەجێکرد، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی کرد جلەکەی توند بە لاشەیەوە پێچرا، وپاشان فەرمانی کرد وڕەجم کرا، وپاشان نوێژی لەسەری کرد.

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

شیکردنەوەی فەرموودەکە: ئافرەتێک هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وسکی پڕ بوو بەهۆی زینا کردنەوە، ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا (تاوانێکم) کردووە کە دەبێت سنوورم لەسەر جێبەجێ بکرێت بۆیە لەسەرمی جێبەجێ بکە، دەیەوێت پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- سنووری شەرعی -حەدی- لەسەر جێبەجێ بکات ئەمیش بریتیە لە ڕەجم کردن؛ چونکە لە پاش هاوسەرگیری کردن ئەم تاوانەی کردووە، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بانگی وەلی ئەمرەکەی (سەرپەرشتیارەکەی) کرد، وپێی فەرموو: (بەرامبەری چاکەکار بە، ئەگەر منداڵی بوو، پاشان بیهێنەرەوە)، بۆیە فەرمووی: (بەرامبەری چاکەکار بە)؛ ئەمیش وەکو ترسێک لەسەری نەک تووشی زیانی بکەن ئەگەر خەڵکی بەهۆی ئەوەوە تانەیان دا لە ئابڕوو وشەرەفیان، بۆیە ئاگاداریانی کردەوە وهەروەها بۆئەوەی زیاتر بە ڕەحمەت بن بەرامبەری چونکە زیانی کردووە، وهانیانی دا بۆئەوەی بەرامبەری چاکەکار بن چونکە خەڵکی لێی دوور دەکەونەوە، وتووشی قسەی ئازاردەر دەبێت، بۆیە هێنایان بۆ لای پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- پاش ئەوەی منداڵەکەی بوو، وفەرمانی کرد کە چاوەڕوان بێت هەتاوەکو منداڵەکە لە شیرپێدان دەبڕێتەوە، کاتێک لە شیرپێدان بڕایەوە؛ سنووری شەرعی -حەدی- لەسەری جێبەجێ کرد، وفەرمانی کرد کە جلەکەی توند پێوە ببەسترێت بۆئەوەی لە کاتی ڕەجمکردنی لاشەی دەرنەکەوێت، پاشان فەرمانیکرد وڕەجم کرا، ونوێژی لەسەری کرد.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5649